# کۆڤان

**شیعرێك بۆ فڕینی (کۆڤان ) لە ڕۆژی جیهانیی منداڵاندا**

**دلاوەر قەرەداغی**

**کۆڤان مرد**
**چۆلەکەیەکی تر لە بەهەشت زیادی کرد**
**چۆلەکەیەکی تر لەسەر پەلکی دارهەنجیرەکەی بەهەشت نیشتەوە**
**کۆڤان ئێوارەیەك بەلای شاردا فڕی و**
**لە هیچ کوێ لای نەدا**
**کۆڤان ئێوارەیەك بە ئاسمانی نیشتمانێکدا فڕی و**
**لەسەر هیچ درەختێکی نەنیشتەوە**
**کۆڤان بەو شەکەتییەی خۆیەوە**
**ئێوارەیەك بە گەڕەکدا هات و**
**بۆ قومێك ئاو لە دەرگای هیچ ماڵێکی نەدا**
**کۆڤان بەیانییەك لە خەو هەستا و**
**بەیانی باشی لە کەس نەکرد**

**کۆڤان ئیتر بە هیچ زوبانێك نادوێ**

**کۆڤان ئیتر هیچ جلکێك ناپۆشێ**

**کۆڤان ئیتر لەسەر هیچ کەس ناکاتەوە**

**کۆڤان ئیتر لەگەڵ هیچ کەس ئاشت نابێتەوە**

**کۆڤان ئیتر گەورە نابێت تا بۆ دەنگدان بچێ**

**کۆڤان ئیتر لە ریزدا ( خوایە وەتەن ...) نابێژێ**

**کۆڤان ئیتر هەڵناسێتە سەر تەختە رەش**

**تا ناوی خۆی بنووسێ**

**کۆڤان گەرچی هەنووکە بووەتە گچکەترین چۆلەکەی بەهەشت**

**کەچی ترسێك وەك خۆی ساوا**

**باڵی فڕینی دەکرۆژێ**

**خەفەتێك وەك خۆی باریك و بنێس**

**فێر بووە نیوەڕوانی هاوین رێی پێ دەگرێ**

**کۆڤان لە نائومێدیی خۆیدا فڕی**

**کۆڤان یارییەکانی جێهێشتن و فڕی**

**کۆڤان جەژنەکانی جێهێشتن و فڕی**

**کۆڤان سروودەکانی جێهێشتن و فڕی**

**کۆڤان مژدەکانی جێهێشتن و فڕی**

**کۆڤان بەو منالّییەی خۆیەوە**

**لە نائومێدییدا پیر بوو**

**لە نائومێدییدا**

**بەرسیلەیەك چییە**

**بە مێوی ڕووانینییەوە نەما**

کۆڤان هێند گچکە بوو
کەس لەو قەرەباڵخییەدا نەیبینی
کەس نەیبینی کە چۆن کۆڤان چاوەڕوانیی دەیجوێ
لەبەر قاقا و قریوەی دەهۆڵ و زوڕنا
لەبەر زرمەی تی ئێن تی
کەس نەیبیست کە چۆن کۆڤان دەگری
خۆ مردنی کۆڤان و ماڵی شۆڕش دیوارێکیان بەین بوو
خۆ ماڵی کۆڤان و ماڵی کورد لەیەك حەوشەدا کرێچی بوون
خۆ لە پەنجەرەی ژوورەکەی کۆڤانەوە
ئاپارتمانی پارلەمان دیار بوو
خۆ لە شارەکەی کۆڤاندا لەبەر حیزبی کوردیی
مناڵیی رێگە نییە بە پێی پەتیی ڕاکات
خۆ وڵاتەکەی کۆڤان
پڕە لە میوانی مناڵدۆست
پڕە لە فریادڕەسی نێودەوڵەتیی
پڕە لەنوێ ترین فڕۆکە و موشەك و ئامبۆلانسی ئاسمانیی
کەس لەو قەرەباڵخییەدا کۆڤانی نەژنەفت
کە چۆن دەگری
کۆڤان بەو ساواییەی خۆیەوە
لە نائومێدییدا پیر بوو
کۆڤان لە چاوەڕوانییدا
دوو دەست ... وەك دەستی دایکی میهرەبان
هەڵیگرت ... لە باوەشی گرت و بە چرپە پێیگوت:

کوڕم بفڕە
با لەوەندە زیاتر بەدیار چاوەڕوانییەوە ماتڵ نەبیت
کوڕم هەتا ساوایت بفڕە
دواجار کوڕم ... هیچ شتێك بەشی تۆی تێدا نەبوو
وەتەن بەشی تۆپێکی تۆی تێدا نەبوو
عیلم بەشی شرینقەیەکی تۆی تێدا نەبوو
باخچەکان بەشی یارییەکی تۆیان تێدا نەبوو
باوەگوڕگوڕەکان بەشی گەرم بوونەوەیەکی تۆیان تێدا نەبوو
ژێر درەختەکان بەشی فێنك بوونەوەیەکی تۆیان تێدا نەبوو
شۆستەکان بەشی پیاسەیەکی تۆیان تێدا نەبوو
وەرزەکان بارانێکی تۆیان تێدا نەبوو
جەژنەکان چکلێتێکی تۆیان تێدا نەبوو
منالییەکان بەشی قوماتەیەك گڕوگاڵی تۆیان تێدا نەبوو
هەتا ساوایت بفڕە کوڕم
بنۆڕە کوڕم
شەڕەکان پڕ باری لۆرییەك بەشی تۆیان تێدایە
فڕۆکە و موشەك و گوللە تۆپەکان پڕ باوەشێك مردن بەشی تۆیان تێدایە
ترس هێندەی تاریکایی شەوێك بەشی تۆی تێدایە
نائومێدیی بە درێژایی جاددەیەك بەشی تۆی تێدایە
رق بە ئەستوورایی شەڕێك بەشی تۆی تێدایە
هەتا ساوایت ... بفڕە کوڕم
هەتا سوکەڵەیت
بفڕە ... کوڕم

**بفرە**
**هەتا ئاسمان جێگەی فڕینێکی تری تێدایە!**

❊